www.kurdistannet.org
31-10-2005 16:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەربارەی یەڵاز گۆنای

وەرگێڕ: شەیدا
لە فارسی یەوە بۆ سەر زمانی کوردی

یەڵاز گۆنای لە ساڵی ١٩٢٧دا، لە یەکێك لە لادێکانی شاری ئەدەنەی تورکیاوە، هاتۆتە دونیاوە. باوکی جۆتیاریکی کورد بووە. وە لەگەڵ چوونە قوتابخانەدا، لە بەر دەست کورتی جۆرەها کاری کردووە. کرێکاری لۆکە چنین، شینایی، شاگردە گۆشت فرۆشی و کۆنە فرۆشی، وە ئیشی دابەشکردنی فلیم، کە بە هۆی ئەمەوە بۆ یەکەمین جار لادێیەکەی بە جێ دەهێڵێ. وە ڕێژەی خوێندنی لە ئەنقەرە ڕشتەی یاساو لە زانکۆی ئەستە مبۆڵیش ڕشتەی ئابووری تەواو کرد، کەچی لەدوای دوو ساڵدا بێ وەرگرتنی بەڵگە نامە وازی لە زانکۆ هێناوە.

لە ساڵی ١٩٥٧ دەستی بە نواندنی فیلمی "سۆزی یەڵاز" کرد، کە لە سەرەتا بە ناوی نواندنو لە دواییدا بە کاری "سیناریۆ نوسی" دە ستی بە کاری هونەری کرد. وە سیناریۆی "چاو سووری منالانی ئەم زەمینە"-ی نوسیو هەرخۆشی بە ئەکتە ری سەرەکی نواندی. وە لە ساڵی ١٩٦١دا بە ناوی نهێنی "سوڵتانی ناشیرین" بە ناوبانگترین ئەستێرەی سینەمای تورکیا بوو.

یەڵاز گۆنای، کاتێ کە بۆ یەکەمین جار فیلمی "بووکی زیندانی یەکشەوە"ی کەوتە بازاڕەوە، کە لە بڵاوکراوەی داستانی چەپڕەوی سێ بێگانەبوو، کە چۆن ڕەفتاریان لە گەڵدا دەکرێت، ١٨ مانگ زیندانی لە سەرخوارد. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٦ یش دەستی بە کاری دەرهێنان کرد. وە لە دوای دوو ساڵ بەشداری کردنی لە کاری دەرهێناندا، فیلمێکی بە ناوی گۆناوە ساز کرد. وە لە ساڵی ١٩٧٢دا بە تاوانی هاندانی قوتابیانی زانکۆی ئەنارشیت بەند کراو لە مانگی گولانی ١٩٧٤دا بەر لێبورانی گشتی کەوت و ئازاد کرا. هەر بەدوای هەفتەیەکدا لە دەستپێکردنی فیلمی دڵتەزێنی، هەمدیسان ئەویان بە تاوانی کوشتنی تازێیێك ڕاگیر کرد. ئەمجارە ئەویان بە ٢٤ ساڵ زیندانی لە گەل کارپێکردنی زۆرەملێ..بەلام لە دوای ماوەیەکدا میری بوی سوکتر کردەوە، و کردیان بە ١٨ ساڵ.

گۆنای لە بەندیخانەدا یەکسەر دەستی کرد بە دەرهێنانی فیلمی بە ناوبانگی " YOL " ڕێگا. وە بە نوسینی سیناریۆی ڕێگا توانی زۆر بە ووردی بیداتە دەستی چەند کەسانێك لە هاوڕێ دڵسۆزەکانی و بە تەواوی بۆی لە بەندیخانەکەدا دەربازبکەن، کە بە تایبەتی هاوڕێی هاوبیری "زەکی ئۆکتن" و "شەریف گوروون" وە ڕێگای پێدا کە بتوانن لە دەرەوەی بەندیخانەکەدا فیلمەکە دەربهێنن، بەم شێوەیەی کە خۆی دەیویست. لە سەرماوەرزی ساڵی ١٩٨٠ ڕژێمی سە ربازی تورکیا بەتەواوەتی فیلمەکانی قەدەغەی لێدان کردن. وە لە گەلاڕێزانی ١٩٨١ کاتێك کە لە زیندانی "ئەسپارتا" دا ئازاد کرا، خۆی ئامادە کرد کە لە تورکیا دەربچێت و بڕواتە فە رەنسا.

زنجیرەی بەکرە فیلمی(ڕێگا)بە شێوەیەکی قاچاغ لە تورکیا وە دەرکراو گۆنای لە سویسرا تەواوی کرد. ئیتر لە دوای ئەم ڕووداوە، گۆنای ڕچەڵەکی تورکی لە خۆدا سڕاندەوە. گۆنای کە دەرهێنانی فیلمی ڕێگای لە پشت شیشەکانی بەندیخانەدا تەواو کردبوو، لە فێستیڤاڵ(کان)دا ملوانکەی خورمای زێڕینی پێشکەش کرا، وە بووە هۆی ناودەرکردنی لە جیهانی ڕۆژئاوادا. وە لە ناوجەرگەی پاریسدا چاوی بە ئاوارە و دەربەدەرەکانی تورکیا دەکەوت، کەوا هەندێك لە هاوولاتی یە تورکەکان توانیان بە ناوی نهێنی هاوکاری لە گەڵدا بکەن. وە هەروەها شایانی باسە کە گۆنای فیلمی "دیوار"ی لە ساڵی ١٩٨٢دا بە یارمەتی ئەمینداریتی ڕۆشنبیری فەرەنسا دەرکرد. کەچی جێگە ی داخ بوو، یەڵاز گۆنای لە ساڵی ١٩٨٤دا بە نەخۆشی شیرپەنجك دڵێ لە لێدان کەوت و بو دوا جار چاوەپڕتامە زرۆکانی هونەری لە سەر یەك نان.

یەڵماز گۆنای یەکێک لە بە ناوبانگترین و چاکترین فیلمسازانی تورکیا بوو. بێگومان دەستی نەخشینی جێگەیکی تایبەتی هەیە لە مێژووی سینەمای تورکیادا. ئەو کە بە ناوبانگترین فیلمسازی وولاتەکەی بوو، بەلام بە هۆی بیروباوەڕی ڕامیاری و چالاکی لە وولاتەکەیدا، هەردەم ئەوی خستبووە ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەریو بێمیهری، وە زۆری بە سەرهات و چەندەها جار کوتە زیندان. بەڵام بەندیخانەش نەیتوانی کە پێشگیری لە چالاکیەکانی هونەری سینەمای ئەودا بکەن. ئەو کە لە پشتی شیشەکانی بەندیخانەدا بتوانێت دەرهێنانی پێنج فیلم بگرێتە ئەستۆ...! دەبێ چ نرخێکی بۆ بەندیخانە دانابێت...!؟
هەرگیز..ئەو تاقە کەسێکە کە هەموو کارە سینەماییەکان لە دەرهێنانەوە تاکو نواندن..خاوەنی باوەڕ و ئەندێشەیە، کە لە وانەیە لە سەرەتاکانی حەفتاکاندا، لە گرنگترین دەست وەشاندنی ژیانی پڕ لە بەربووومی بووبێت. وە زۆرترین سەرکەوتنی لە کاری دەرهێنانەدا کە پەیوەندی بە هونەری سینەماوە بووبێت، سەرەتای حەفتانە. فیلمەکانی گۆنای، تاوی باری جورەهای وولاتەکەی بە شێوەیکی گشتی جیهانی سێیەمە.

لە فیلمەکانیدا تیپی جیاوازی کۆمەلایەتی و تەرزی ڕەفتاری ژیانیان بە ڕوویکی نادیارانە وێنەدەکیشی ـ چینی بورژوا، ڕۆشنبیر، کرێکارو جوتیاران قارە مانیەتی. ئەو بەهەقەوە توانی ویژدانی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەم لە بەرامبەر ڕژێمەکانی کۆنەپەرست و دوواکەوتوو، بێدارکاتەوە. گۆنای توانیویەتی لە هەریەکێک لە فیلمەکانیدا لە بواری بابەتێکی تێك ئالاوی تورکیا بە تایبەتی و، کۆمەلێ ژێر دەست ڕژێم بە شێوەیەکی کوێرانە دەربڕێت. وە فیلمی "ڕێگا"ی بەیەکێك لە کاریگەرترینو جوانترین فیلمەکانی، کە ڕووی جیهانی بۆ لای خۆی کێشابێت، دادەندرێت. وە فیلمی ( UMET ) (ئومێد) کە بەرهەمی ١٩٧٠یەتی، تاکو ئێستاش لە پێشبڕکێ نەکەوتووە.

بێگومان بەهەمان بەلگەوە، پارتی دادوەر (عدالت) کە ئەو کاتە توانا بە دەست بوو، ئەویان گرتوو، دووبارە لە لیدانی فیلمەکانی پێشگیر کرا.. بە لێ فیلمی ئومێد کە تاکو دوو هەفتە لە فستڤاڵ"کان"دا دە رهێنە ران بۆ ڕەخنە و هەلسانگاندن ڕوویان تێ دەکرد، توانی سەرنجیان ڕابکێشێ. تا لەئەنجامدا، دەرهێنەران ئەو فیلمە یان بەیەکێك لە فیلمە گرنگە نموونەییەکان لە سینەمای هەژاریدا، لە جیهانی سێیەم خوێندەوە. گۆنای لەم فیلمەدا، وێنەی تریشقە چییەکی کەم دوو دەکێشێ...کە تریشقەیێکی خراپ و جووت ئەسپێکی مرداری لەڕو لاواز..تاناچار دەبێت، کە تریشقەکەی بفرۆشێت و خێزانەکەی بەجێ بهێلێ..بە دوای گەنجێکی نادیار بکەوێت. لە فیلمەکەیدا چاومان بە نائومێدێکی تەواو باری خراپی ئابوری و ڕەسەنی خەلکان دەکەوێت، کە چۆن بەرەو شێتی هەنگاو دەنێن.

گۆنای زۆر بە چاکی توانیویەتی سەرمایەی ئەوفیلمە لە ڕێی دەستنیشانکردنی نواندنەوە، لە فیلمانی بازرگانیدا ڕزگار بکات. وە گۆنای دەلێت:ـ "لە ڕاستیدا کاتێ لە(ڕێگا)وە دەمویست دەربارەی بارگرانی و سیستەمی کە لە سەر شانی خەلکیدایە بدوێم. هەرگیز ڕێگام پێنەدرا، کە بیری تاقمی میری بە نیازیگلاویانەوە، دەربڕم! وە بینراوی فیلمی ڕێگا هەمووی ڕاستی نین. چونکە هەلسان و ڕووداوی ئازارەکان، بەس تەنها لە لایەن میرییەوە نییە..بەلکو ئەو مەسەلەیە هەروەکو لە حەقیقەتدا، لە ژیانی کۆمەلایەتیدا، خەلکی بەبێ بەزەیی بەرامبەر یەکتری دەیکەن (هەروەکو ئەلقە زنجیرەی پەیوەندی کومەلایەتی بە مەسەلەی ئابوریەوە هەیە) وە ڕیشەی ئەو بێبەزەییەش، وولاتانی ڕۆژئاوا لە سالانی ڕەشی و نەهاتیدا؛ لە سەرمان بە ڕەوایان زانیوە. وە هۆی ئەو بیرە بەستوییە، دەبێت هەمان بیروباوەڕو ڕەسەنی ڕەوشتە بۆگەنە کەیە، کە لە ناخی خەلکیدا ڕیشەی ڕەواندووە. ئەمجار ئەو دوو هێزە پالە پەستۆیە، لە کاتێکدا و پێکەوە دەگەنە ئەو خالەی، کە بتوانن سیستەمە کە پێبگەیەنن. وە لە لایەکەوە زۆرلێکردنی خەلك لە کۆمەلگادا، کە بەیەکتری بکەن لە پێناو سەروەت مانەوە و خانەنشینی و بەگایەتی،..لە لایەکیشەوە زۆرلێکردنی میری کە لە سەرەو بە هۆی هێزی ئاگری ترس و غەمباری..جا ئەم دوو تۆلە زۆرلێکردنە لە بەشی سیستەمێکن، کە ئێمە دەبێت درێژبوونەوەی سیستەمەکە لە بەرچاوی خۆماندا نیشان بکەین. جا ئەو بە ندانەی کە لە بەند یخانە دەژین، دەتوانین بلێین لە ڕوانگەی کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری و ڕامیاری بێت.

www.kurdistannet.org
31-10-2005 16:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شێوە گشتی یەکەی دەمەوێت بڵێم کە تورکیا زیندانە گەورەکەیە..کە لەم زیندانەدا دوو جۆرە زۆرلێکردنت لە سەر فەرمانە، یەکێکی دام و دەزگای میری و، ئەوەی تریان دراکەتویی خەڵکەکەیە، کە لە ژیانێکی پشتاوپشتیدا دەگوزەرێنن.

وە ئەمانە ش نموونەی فیلمەکانی یەڵاز گۆنایە.

| | |
|---|---|
| خانوو، ژن، چەك | (١٩٦١) |
| ئاوم کەریمە | (١٩٦٧) |
| بوکی زەمین | (١٩٦٨) |
| گورگە برسی یەکان | (١٩٦٩) |
| پیاوێکی ناشیرین | (١٩٦٩) |
| ئومێد | (١٩٧٠) |
| عوسمانی کۆنە فرۆش | (١٩٧٠) بە هاوکاری شەریف گورون |
| هەفت دز | (١٩٧١) بە هاوکاری عرفان ئەتاسوی |
| ئاوارەکان | (١٩٧١) |
| نمونە (مثال) | (١٩٧١) بە هاوکاری شەریف گورون |
| بەیانی دوا رۆژ | (١٩٧١) |
| بێ هیوا | (١٩٧١) |
| غەمباری | (١٩٧١) |
| میرات | (١٩٧١) |
| باوك | (١٩٧١) |
| هاورێ | (١٩٧١) |
| هەژار | [دە ست پێ کردنی (١٩٧٢) و تە واو کردنی بە هۆی عە تیف یە ڵماز] |
| موڵڵەت (IZIN) | (١٩٧٥) دەرهێنانی لە لایەن تەمل کورسوم |
| تەنیا رۆژێك | (١٩٧٥) دەرهێنانی بیلغ ئەلگان |
| مێگەل (HERD) | (١٩٧٨) دەرهێنانی زەکی ئۆکتن |
| دوژمن | (١٩٧٨) دەرهینانی زەکی ئۆکتن |
| رێگا (YOL) | (١٩٨١) دەرهێنانی یەڵاز گۆنای وە نواندنی شەریف گۆرون. |
| دیوار | (١٩٨٢) |

**(تەواو)**